www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:49 18-8-2006

## بەرێز کاک مەسعود بارزانی، گۆڤاری گوڵان ئاڵای کوردستانی سەرەوژێر کرد!! ... هەنگاو کۆیی

ژمارە (599) ی گوڵان کە دواژمارەیە، لە لاپەڕە (16) ی دا وێنەیەکی ئاڵای کوردستانی بە سەرەوژێری بڵاوکردۆتەوە، کە ئەمە هەڵەیەکی زۆر ستراتیژییە گوڵان کردوویەتی، سەدان ساڵە ئاڵای کوردستان بۆتە هێمای نەتەوەیی و هێمای خەبات و ناونیشانی تێکۆشانمان، کەچی گوڵان ئەو هێمایەی کە رووباری خوێنمان بۆی رشتووە، هاتووە سەرەوژێری کردووە، وەک ئەوەی نەزانێت، ئاڵای کوردستان رەنگ و شێوەکەی چۆنە؟؟

ئەم هەڵەیەی گوڵان، هەڵەیەکی ستراتیژییە، وەک چۆن لە رابردووشدا، چەندین هەڵەی تری بەرامبەر بە خوا و پێغەمبەر و ئایین کردووە، بەرێز کاک مەسعود بارزانی چەند جارێکی تر لەسەر تەشهیر کردن بە خواو پێغەمبەری موسڵمانان، سەرنووسەرەکەی وەک سزادان بۆ ماوەیەک ناردووەتە ماڵەوە، بەڵام پێویستە ئەمجارە سەرۆک بارزانی گۆڕانێک لە گوڵان دا بکات، چونکە ناکرێ، ئەم هەڵە ستراتیژییانە، تەنها لە گوڵاندا دووبارەو سێبارەو دەبارە ببنەوە، ئەمە لەکاتێکدا ساڵیادی دامەزراندنی پارتیدیموکراتی کوردستان بوو، ئەمە لە کاتێکدا سەرۆک مەسعود بارزانی زۆر جەخت لەسەر گرنگی ئەو ئاڵایەی کوردستان دەکاتەوە. کەچی گوڵان پێی لە موقەدەساتەکانمان نا.